# ئەحمەد ...كتێبخانەی تەئمیم

**فـەهـد گــردەوانــی**



خەڵکی هەولێر بە گشتی و خوێندەوارانی بە تایبەتی ، قەرزداری برایانی [کتێبخانەی تەئمیم]ن. برایان {جومعە..ئەحمەد..ئازاد..موزەفەر..موخلیس..ئەوانەی تر گەلێک بچوک بوون و جار جارە دەهاتنە کتێبخانە وئێستاکە ناویانم لەبیر نەماوە}خاوەنی ئەو کتێبخانەیە بوون. برایانی خاوەنی کتێبخانەی تەئمیم ، لە دەڤەری [بادینان]ەوە،هاتبوونە پیرەهەولێرێ بۆ کاروئیش کردن.ئەو کاتە لە گەڕەکی [گلکەند]ی دەژیان و لەبەردەم یانەی[نادی] فەرمانبەران لە نزیک بانقی رافیدین ، دوکانێکیان لە داری دروست کرد و رۆژنامە و گۆڤار و  کتێب و کەلوپەلی قوتابخانە[قەڵەم{پێنووس} و دەفتەر{پەڕاو} و قەڵەمتراش و کەلوپەلی وانەی ئەندازە و راستە و رەشکەرەوە و ...هتد] دەفرۆشت ، دوایی مەکینەیەکیشیان هێناو هەویە[ناسنامە]یان کەپس دەکرد.  پاشان کە کاروباریان بەرەو پێشەوە رۆیشت و خەڵکی بە گشتی رویان تێکردن ،دەستی یارمەتیان بۆ نووسەران درێژ کرد و لە سەر ئەرکی خۆیان ، بەرهەمیان بۆ چاپ دەکردن و پەخش و بڵاویان دەکردەوە.نزیکەی مانگێک لەمەوبەر ، هەواڵی کۆچی دوایی ئەحمەدیان پێڕاگەیاندم .گوایە بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردووە . لە دڵەوە نارەحەت بووم ، حەزم نەدەکرد باوەڕ بەخۆم بکەم وهەواڵەکە بە راستی دابنێم .هەتا لەگەڵ ئیسماعیل بەرزنجی قسەم کرد و خەم و پەژارەی خۆمان هەڵڕشت و گەلێک یادگاری شیرین و تاڵی ئەو زەمانە و برایانی کتێبخانە بە گشتی و هاوڕێم ئەحمەد بەتایبەتی مان باس کرد . سەردەمی دڕەندەیی رژێمی

بەعسی فاشی تاقە ئەدرێسی من بۆ ڕەوانەکردنی نامە بۆ هاوڕێ یان و جارجارە بۆ ماڵەوە ئەو کتێبخانەیە بوو ،هەتا تێکدرا و یانەی فەرمانبەرانیش نەما. لەناو ئەو یادگاریانە باسی ئەو وێنە یە جوانەی ئەحمەدم کرد کە چۆن لەلام پارێزرا وە و بەناز و جوان لە ئەلبوومی وێنەکان پاراستوومە و بەین نابەین بۆ یادکردنەوەی دۆستان و برادەرانم دەیانهێنمە گۆ و لەگەڵیان دەدوێم.لەو کاتەدا ئیسماعیل داوای لێکردم بۆی بنێرم بۆ ئەوەی لەلای بمێنیتەوە ،بەڵام گووتم سەرەتا بۆ ئەوەی بەشداری پرسەی ئەحمەدم کردبێ و وەکو وەفاداری یەکیش ئەوا نووسینێک دەنووسم و پاشان وێنەکەش بڵاودەکەمەوە ، بەڵکو برایانی ئازیزم جومعە وئازاد وموزەفەر و موخلیس و ئەوانەی تر لێم رازی بن و بزانن کە قەت و قەت ئەو وەفاداری یەیان بۆ ئەدەب و فەرهەنگی کوردی و زحمەتیان بۆ پیرۆزی ووشەی کوردی لەبیر هاوڕێ یان و دۆستانیان نەچۆتەوە . هەزار چەپکە گوڵیش بۆ سەرگۆڕی ئەحمەدی برا.

**2007/3/4 ستۆکهۆڵم**